# ژن مرۆڤە لە کۆمەڵگەو مێینەیە لای هاوسەر



**هەڵاڵە محەمەد - بەشی دووەمو کۆتایی ..**

دوای ئەوسەرەتایەی باسمان کرد کەگۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوە و سروشتی ژندا هات، ئەمە تەنها ژنانی ڕۆژئاوای نەگرتەوە، بەڵکو ئەم پەتا مەترسیدارە ڕووی کردە وڵاتانی ئیسلامی و دەرەنجام بووە هۆی کزکردنی پابەندبوونی شەرعی وپابەندبوون بەیاساکانی ئیسلام لای موسوڵمانان بەگشتیو ئافرەتان بەتایبەتی، ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندیە بازرگانی و بازاڕیەی کەوڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ بازاڕەکانی ڕۆژئاو،سازیاندا.

پاشان دروستکردنی کارگەو کۆمپانیای گەورە لەسەر بڕیاری ڕۆژئاوا، لەژێر ڕکێفی خۆیدا وئەزمونی خۆی زۆر بەئاسانی لەڕێگەی گەشەدان بەلایەنی ئابوری وگەرمکردنی بازاڕ و بوژانەوەی ژێرخانی ئابوری وڵاتانی ئیسلامی و..هتد گەیاندە هەموو جێگەوکون و قوژبنێک.

لەڕۆژهەڵات و وڵاتانی ئیسلامی جارێکی تربەناوی مرۆڤبوونی ژنەوە، مرۆڤبوونی تێکشکێنراو بەڵکو مرۆڤبوونی هەموو مرۆڤایەتی کەوتە ژێر پرسیارەوە، چونکە هەست و وزەی مرۆڤەکان بەپیاو وژنەوە کەوتە ژێر دەستی کۆمەڵێک بنەماو مەبەست لەبوونی سەرەکیان لەلا فەرامۆشکرا..

ژن کارو ئەرکەکانی لەکۆمەڵگەدا لەسنوری ئاسایی تێپەراند، ئەمە سەری کێشا بۆلەدەستدانی ئەرک و ڕۆڵ وپێگەی شیاوی بەتەواوەتی، کۆمەڵگایەک کەخاوەنی تێڕوانینێکی ئیسلامی بێت، بەتێڕوانینێکی واقعی و ئیمانیانە سەیری مەسەلەکان دەکات، لەئیسلامدا ئافرەت وەک پیاو مرۆڤە. لەدەقی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە کراوە (امراة، نساء) ژن مرۆڤە لەپوختەی فکرو یاسای ئیسلامدا، بۆژن دوو ڕوو هەیە:

١) ڕوویەکی مرۆیی کەپەیوەندیدارە بەئامادەیی گشتی لەکۆمەڵگادا.

٢) ڕوویەکی ژنیەتی کەپەیوەندی بەئەرک و کاری لەڕووی فسیۆلۆجیەوە، کەلەخێزاندا خۆی دەبینێتەوە.

لەڕووی مرۆڤبوونی ژن لەکۆمەڵگەدا، کەتێڕوانینێکی ئیسلامییە لەفکرو یاسادا دامەزراوە لەسەر ژن، ژن مرۆڤە لەکۆمەڵگە، بەڵام لەخێزانداو لای هاوسەری مێینەیە، هەروەک پیاو مرۆڤە لەکۆمەڵگاو نێرە لای هاوسەری، لایەنی مرۆیی کەکۆمەڵگە لەسەری ڕاوەستاوە، ژن وپیاو لەبابەتە تەشریعیەکاندا یەکسانن، ژنو پیاو هەردووکیان لەناو کۆمەڵگەدا مرۆڤن و هەریەکەیان پێویستە ئەدای ئەرکی مرۆڤبوونیان بکەن، پیاو( نێر) نیە لەکۆمەڵگەدا هەروەک ژن و ئافرەتیش (مێ) نین لەکۆمەڵگەدا( واتە ئەرکی ژن تەنها مێینەبوون وڕاکێشانی سەرنجی دەوروبەرنیە)

بەشێوەیەکی تر، لایەنی سێکسی لەژن و پیاودا زۆر تایبەتیەو سنوردارکراوە تەنها لەسنورێکی تەسکدا نەبێت کەممارەسە دەکرێن بەگوێرەی شەرع و سروشتی پاکی مرۆڤ. نێرینەی لەپیاودا دەرکەوتنی تایبەتمەندیەتی سێکسیە تیایدا، ئەم نێرینەیە تەنها ڕێگەدراوە ممارەسەی سێکسی لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا (مێینەکەی) بکات نەک لەگەڵ ژنداولەدەرەوەی چوارچێوەی خێزان یادەرەوەی (فراشی زوجی)...

مێینەیەتیش لەژندا تایبەتە بەبوارێک کەکاری سێکسی تیا ئەنجام دەدات ئەوەش لەگەڵ مێردەکەیدا نەک (پیاو)؟!.

چونکە ژن و پیاو لەژێر چەتری خێزاندا وەک دوو مرۆڤن و ئاواش (نێرو مێ)ن، لەکاتی پێویستبوون بەسێکسی ئەوکاتە هەردوکیان لایەنی سێکسیان بەگەڕ دەخرێن (مێینە-نێرینە)، ئەمەش تەنها لەژووری نوستندایەو لەسنورێکی تەسک و سنوردارداییە.

کەواتە ئەوتێڕوانینەی کەئیسلام هەیەتی بۆهەریەک لەژن و پیاو، مرۆڤبوونە.. بەڵام بوونی لایەنی فسیولۆژی بۆئەدای کارێکی ترە کەلەخێزاندا ئاماژە بەئەرک و ڕۆڵیان کراوە نەک زاڵبونی لایەنی فەسلەجی لەڕاپەڕاندنی کارو ئەرکەکانیان لەکۆمەڵگا هەروەک ئێستا دەبینرێت!!!

بەڵام گەرسەیربکەین، ئەوتێڕوانینەی بەرامبەر ئەم دوومرۆڤە هەیە لەکۆمەڵگادا، زۆربەی کات تێڕوانینە سێکسیەکەیە..(پیاو) گۆڕاوە بۆ(نێر) لەلای ژنان، بەجۆرێک ژنان سەیری پیاو لەکۆمەڵگەدا دەکەن، وەک دروستکراوێکی جنسی..بابەتی سێکسی گرنگی زۆرپێدەدرێت وزیاد لەئەندازەی خۆی گەورە کراوە، وامرۆڤی پێ سەرقاڵکراوە هەمووشتەکانی دەوروبەر بەوچاوە سەیربکات!

لەولاشەوە ژن نمایشکراوە بۆپیاو، پیاویش خۆی نمایش دەکات بۆژن، ژن وەک بوونەوەرێکی سێکسی لەلایەن پیاوەوە مامەڵەی دەکرێت، ڕەواج بەم کاڵا هەرزانە دەدرێت بەهەموو جۆرێک، ژنیش بەهەمان شێوە وامامەڵە لەگەڵ پیاودا دەکات.. سەرەنجام وەک دەبینرێت ژن و پیاو توشی دەیان گرفتی دەروونیو کۆمەڵایەتی دەبنەوە، دەبنە قوربانی لەیادکردنی ئەرکی سەرەکی مرۆڤبوونیان!!!

ئەم شێوازە ڕۆشنبیری وشارستانیە باوەی کە جیهان و جیهانی ئیسلامی کرد.. پیاوی گۆڕی بەنێرو کردیە زیندەوەرێکی سێکسی لەکۆمەڵگەدا ئەرک و کاری لەکۆمەڵگەدا لەبیرکراو، ژنیش گۆڕا بەمێ و کرایە زیندەوەرێکی سێکسی لەکۆمەڵگەدا تاڕادەی ژن لەشەقام و لەکارو کارگەکان و لەهەرجێگەیەکدا بێت کرایە بابەتی جنسی لای پیاو، ئەم دەسکاریە تەنها بیرو ئەندێشەو ناخی نەگۆڕی، بەڵکو گۆڕانەکە زیاتر بەرگ و لایەنی دەرەکی و جەستەی ئافرەتی گرتەوە، بەجۆرێک لەچوونە دەرەوە و چونە سەرکاردا، ئافرەت واخۆی ئامادەدەکات کەوەک (مێ)یەک نەک وەک (مرۆڤێک)، هەموو غەم و هەوڵێکیان لەپێناو جوانترکردن و جوان دەرکەوتن و ڕاکێشانی مەیلی بەرامبەردایە.

پێویستە جارێکی تر بەدیدوبۆچونێکی مرۆڤانە و ئیسلامخوازانەو خواویستانە پلەو ڕێز بۆمرۆڤ و ئەرک وکارو مافی تەواوەتی بۆبگەڕێتەوە، چونکە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا زۆر بەڕوونی ئاماژە بەم دوولایەنی مرۆڤ دەکات و ڕەنگڕێژی کاروئەرکەکانی بۆدەکات:

لە (١٨) ئایەتدا خوای پەروەردگار دەفەرموێت: یاویها الناس کەئەم بانگکردنە بۆژن و پیاوە.

لە (٩٤) ئایەتدا دەفەرمێت: یاایها الذین امنوا، ژنانو پیاوان بانگدەکات.

لە (٢) ئایەتدا خوای گەورە بە یاویها الانسان بانگی ژنو پیاوی کردووە.

وشەی (النساء) لە (٣٨) ئایەتدا لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە، لەهەمانکاتدا (١٨) جار وشەی (انثی) هاتووە کەتایبەتمەندی ژنە وەک (مێ)، لایەنی فسیۆلۆژییەوە ڕێنماییان دەکات بۆئەوەی ئاگاداربن، چونکە گەر( ژن) وەک (مێ) هاتە کۆمەڵگە ئەوکاتە بەوجۆرە مامەڵە دەکرێت، بەڵام خوای پەروەردگار لەسەرجەم بانگەکاندا وەک مرۆڤو شانبەشانی پیاو بانگی کردووە، کاتێک ئەگەر بەڕووە مێینەکەی لەکۆمەڵگەدا مامەڵەی کرد ئەوکات ئەم هۆکارە سەردەکێشێ بۆ توندوتیژی و گرفتی تری کۆمەڵایەتی، بەڵام گەر (ژن) وەک (مرۆڤ) مامەڵەی کرد ئەوا بەرامبەریش بەدڵنیاییەوە وەک (مرۆڤ) مامەڵەی دەکات و سنورەکان نابەزێنێت...

دیارە ئەم بابەتە زۆر زیاتر هەڵدەگرێت، بەڵام ویستم لەم سەرنجە کەمە لەسەر ئەم بابەتە، بیروبۆچونی خوێنەر لەمەڕ ئەم لایەنە گرنگەی ژیان بخەمەڕوو، ئێوەش ئازادن لەڕاو سەرنجەکانتان بۆڕۆژنامەکە.

# هەڵوێستەیەک بەرامبەر بە یادی ساڵەکان

**نم...نم** ..........................

واماڵئاوایمان لەساڵێکی دیکەی تەمەنمان کردو، لەم ساڵەشدا پێشوازیمان لەکۆمەڵێک ئاوازی ئینگاو ماڵئاوایشمان لەچەندین تابووت کردو بەرەوڕووی گۆڕستانەکانمان بردن، چەندان یادگاری زەردو سورو زەردەخەنەمان لەسەرپەڕەی گوڵەکانو چەندین فرمێسکمان لەنێو پەرداخەکانی ڕۆژگاردا بەجێ هێشتن.

لەسەر شەقامەکان چەندین جار لەگەڵ تارمایی خەمدا پیاسەمان کردو بەنێو کوچەکانی ڕۆژگاردا هیواکان سەرەتاتکێیان لەگەڵ کردین گیرفانە دڕاوەکانمان چەندین جارپڕبوون لەنوقڵانەی شادیو دڕکی خەمو خەفەت.

چەندین جاربێ شەرمانە گوناهمان کردو چەندین جار دەستەکانمان بۆبارەگای خوا بەرزکردنەوە تالێمانە خۆشبێت.

وەک وەستایەکی نەزان چین چین ڕۆژەکانمان لەسەریەک کەڵەکە کردن. ڕۆژژمێرێکی کۆنمان بەدیوارەکانمانەوە لێکردەوەو یەکێکی دیکەمان هەڵواسیو ئاخێکمان هەڵکێشاو لەبەرخۆمانەوە بەتەمەنمان وت چەند زووتێدەپەڕیت.

ساڵی نوێش هەربەهەمان ڕوخساری ساڵی ڕابردوەوە، لەبەردەرگای تەمەنمان وەستاوەو بەخۆی و هەگبەیەکی پڕلەنهێنیەوە چاوەڕێی پێشوازی ئێمەیە، ئێمەش وەک منداڵێکی عەجول خەیاڵمان بۆسەدان وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی نێو هەگبەکەی دەڕوات.

یادکردنەوەی هەردوو بۆنەی کۆچکردنی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) و لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (سەلامی خوای لێ بێت)، لەهەردوو یادەکەدا گەورەیی پێگەی ژنمان بۆدەسەلمێنێت لەئایندا.

گەرسەیری لەدایک بونی حەزرەتی عیسا بکەین ئەوا خێرا بیرلەمەزنی و پاکیزەی کچێک دەکەین بەناوی (مەریەم)ەوە، یان خێرا بیرلە (حەنە)ی دایکی مریەم دەکەینەوە، کەخۆشەویسترین شتی نەزرکرد بۆخوا، کەمناڵەکەی هەناوی بوو، وەک خوای گەورە دەفەرموێت (اذ قالت امراه عمران رب انی نذرت لك مافی بطنی محررا...) خوای گەورە لەڕوانگەی ئەم ئایەتو ڕوداوەوە دەیەوێت گرۆی مرۆڤایەتی فێربکات کەژنانو کچان دەتوانن ئەرکی گەیاندنی ئایین لەئەستۆ بگرن و ڕێڕەوی ژیان بگۆڕن، گەر لێببڕێن بۆخوداو ئاین ئەوا خوای گەورە لەئاسمانەوە کۆمەکیان بۆدەنێرێت، گەر هەڵوێستەیەک لەسەر یادی کۆچبکەین، ئەوا لەکۆچدا گوێمان لەدەنگدانەوەو قریشکەکانی (ئوم یاسر)وپاخی بوونی ژنان دەبێت لەباوک وبراو مێردە کافرەکانیان و پشتهەڵکردن لەزینەتو جەماڵی دونیاو ڕووکردنە بیابانو گۆڕینەوەی بەژیانی غوربەت، کۆچکردن یادی نغرۆبونی ئەسپەکەی سوراقەیە لەلمی شەرمەزاریداو وەستانو ڕامانە بەرامبەر بەگریانەکانی بەیانیانو ئێوارانی (ئوم سەلمە) بۆهاوسەرو کۆرپەکەی، یادی کۆچ دەمانباتەوە بۆلای هالاوی بوخچەکەی خاتوو ئەسما کەبەڕۆح ئامادەی دەکرد، بەگیان فیداییەوە دەیگەیاندە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت)، شەوق و شەیدایی ژنان بوو کەبەسەدای (طلع البدر علینا) زەوی دەلەرزاندەوە بۆپێشوازییان لەسەرداری مرۆڤایەتی، دەیانزانی مانگ هەڵهاتووەو چیدی لاپەڕەکانی زوڵم وستەمو زیندە بەچاڵکردن دژ بەکچانو ژنان دەپێچرێنەوە وزوڵم ناتوانێ خۆی بەرامبەر تریفەی ئەو مانگە ڕابگرێت کەهەڵهاتووە.

لەهەردوو ئەم یادە مەزنانەدا بۆمان دەسەلمێت بەرپرسە لەئاین و سەرجەم بوارەکان لەنێو کۆمەڵگەدا، بەوئومێدە ئەم دوویادە ببنە مایەی ئەوەی کەدایکان مناڵەکانیان نەزرکەن بۆخوداو زیکری خوداش لەمزگەوتەکان بەبێژن نەکرێن و بابزانین سەفەرەکانیش بێ توێشوی ژنان ناکرێن.

